ئەگەر هەرکەسێک پێی نا بە شتێکی پیس بە خوفەکانی، پاکدەکرێنەوە بە خۆڵی سەر خاک

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر هەرکەسێک پێی نا بە شتێکی پیس بە خوفەکانی*، پاکدەکرێنەوە بە خۆڵی سەر خاک». *(خوف: وەکو گۆرەوی وایە لە پێست دروستدەکرێت)

[صەحیحە] [ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە]

ئەگەر مرۆڤ خوف* یان نەعل یان هەرشتێکی تر لە پێبکات کە پێی دادەپۆشێت، پاشان پێی نا بەسەر شتێکی پیس وناخاوێن، وبەردەوام بوو لە ڕێکردن بەو نەعلە یان خوفەوە پیسەوە لە شوێنێکی تری پاکدا، یان خۆی پاکی بکاتەوە بە هێنانی خۆڵی سەر خاکەکە بەسەر ئەو شتەی لە پێی کردووە؛ ئەوا پاک دەبنەوە ودروستە نوێژیان پێوە بکات. *(خوف: وەکو گۆرەوی وایە لە پێست دروستدەکرێت)

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10649